کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
1-3-2007 18:22 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئاینەکان لە یەک جوونیان هەیە یان نا. . . ؟! مامۆستا هێرش

سوید

بەرێزان خۆشەویستان کاتێک ئەمانەوێت لەسەرئاین بدوێین کەواتە ئەمانەوێت پەنجەی نیشانەئاراستەی پیرۆزی بکەین. . . بەڵام بێ زیادەرۆی کوتومت وەکوخۆی وبەس تەنها ڕوونکردنەوە بە وهیوایەی نەچینە خانەی کوفرەوە ئەگەرلەدیدی مێژووەوە بڕوانینە ئەو ئاینانەی کەپێشووکەهەزاران هەزارساڵ لەنەتەوەی وەک هندەکان دابوو کەکتێبەپیرۆزەکەیان ناوی {ڤیدا}بووکەلەچواربەشی سەرەکی پێکهاتووە بەشی یکەم RIG VEDAریگ ڤیدا یە کەسەرەکیترین بەشیانە کە بۆ سێ هەزارساڵ بەرلەزاینە لە{1017}سرودی ئاینی لە شێوەی هۆنراوە پێکهاتووە بە ئاوازی خۆیەوە کە بەکاردێت بۆ ستایش کردن و پاڕانەوە لەخواکان لە بۆنەو نەریتەکانی خۆیان بەشی دووەم yajor veda یاجۆر ڤیدا ئەم بەشیان لەچەند هۆنراوەی دوورو درێژپێک هاتووە کە لەبۆنە تایبەتیکانە تەنها {بەرهەمیە کان}واتا پیاوانی ئاینی بۆیان هەیە بیخوێ ننەوە بەشی سێ یەم sama veda ساما ڤیدا ئەم بەشە بریتی یە لەچەند نەشیدوگۆرانی یەک کەوەک پاڕانەوەونزاو کوڕزانەوەو سکاڵا بۆ خواوەندەکان بەکار دەهێنرێت بەشی چوارەم athar vedaا ئازار ڤیدا ئەم بەشەیان زیاتر لە ئامۆژگاریو موعجیزەو کەرامات وخەونو ئەوخەیاڵانەی کراونەتە واقیع واتە ڕاستی ئەمە ڤیدا ئەڵێت نەک من تکایە. . . !لەم بەشەدا واهاتوە کە ژیانی مرۆڤ بریتی یە لە{گوناح وپەشیمانی}وە ئەڵێت شەیتان وئاخوندەوبەکرێگیراوپیاوانی لە لایان خواوەندەکانەوە ئازادکراون بۆ فریودانو هەڵخەڵەتانی مرۆڤەکان بە بیانوی ئیمتیحان واتە تاقیکردنەوە ئینجا ئای لەوەی دەرناچێت. . . ئۆخەی لەوەی دەرئەچێت. . !!بۆیە بەردەوام ئەم سرودانە لە بۆنە ئاینەکانیانە دەخوێنرێنەوە تا خواوەندەکان بیان پارێزن لە شەیتانەکان کە ئەم چوارسرودانن وەک ئەکەم samhita سامهیتا دووەم brahaman براهمەن سێ یەم arnyakaئەرەنیاک چوارەم upanishadئۆپانیشاد ئەمەش چەند نمونەیک لە ناوەڕۆکی ئەم ئاینە کە بریتی یە لە:یەکەم ئیندرا (کە یەکێکە لە ناوەکانی خوا لەهەموشتێک گەورەترەومەزنترە وەخوای خواکانە. . هێزێکی لەبن نەهاتووە. . لەبەردەمیدازەوی وئاسمانەکان هەرهەمویان چۆک دادەدەن دەلەرزن. . ئەی خەڵکیناگوێم لێبگرن. . ئەوەئیندرایەخوای خواکانە) دیارە من نامەوێت سرودەپیرۆزەکە تەواوبکەم، بەڵام تەنها تێگەیشتنی بەرێزتانە لە بەراوردکردندا زیرەکانە ووردبنەوەو تا لەوە تێبگەن لێک چوون نزیکە یان ئێمە گومرێبووین. . . ! دووەم (درگاکانی دۆزەخ سیانن و سێ کلیلیان هەیە کلیلی تورەی کلیلی ئارەزووەکان کلیلی تەکەبور واتە خۆبەزل زان ولوت) سێ یەم (ئەرکە کانی دونیا جێ بەجێ بکە دوور لەئارەزووتایبەتیەکانت لە ژیانە تا بگەیتە ئاسمان و شنەبای بەهەشت هەلمژێت) چوارەم (بەهەشت لە ناوخوادایە هەرکەس بگات بە خوا ئەوە بۆ هەتا هەتای لە بەهەشت دەمێنێتەوە) پێنجەم (بێ لەم دنیایە دنیایەکی تر هەیە کە زۆرگەورەترو خۆشترەهەچی حەزی پێ بکەیت لە خواردن و خواردنەوەو خۆشیەکانی ژیانی تیایە واتە ئەوەی مرۆڤ حەزی پێ بکات) من نامەوێت لەوەزیاتر لەسەرسرودەکانی ئەم ئاینە بدوێم بۆیە پێم باشە بزانین سەبارەت بە یەک خوای چی دەڵێن با پرسیارلە ڤیلاجاد ساکابلا بپرسین ئەڵێن پرسیاریان لێکرد ئەی یاچنا ڤالیکاژمارەی خواکانتان چەندە لە وەلامدا گوتی سی وسێ هەزارخوامان هەیە پرسیاریان لێ کردەوە گوتیان بەدڵنیایەوە پێمان بڵێ گوتی سی وسێ خوامان هەیە ئەم جارەش پێمان بڵێ چەند خوامان هەیە گوتی سێ خوا پرسیارکرایەوە چەند خوامان هەیە گوتی خواونیوێک بەڵێ پرسیارکرایەوە تکامان هەیە چەند خوامان هەیە بۆ کۆتای لە وەڵامداگوتی تەنهاو تەنها یەک خوامان هەیە. . . . ) ڕەنگە پرسیارەکان بەپێی کات وزەمان چەندین ساڵانی پێویست بوبێت تا بونی خوا لە سی وسێ هەزارخواوەوە بوبێت بە یەک خوا. . . . . . ؟!!کەواتە ئاین لەناو مێژووداتەمەنێکی بۆخۆی دیاری کردوە لەسەر هەڵدانی وە تا ئەو ئاینانەی کە لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاسمانەوە دابەزیون بۆ سەر زەوی کە کراونەتە ئاینێکی موجەڕەدو موتلەق واتە وەستاو نە گۆڕ بە بێ هیچ گۆڕانو لێکدانەوە لە سەری چونکە دەبێت بە کفر کەواتە پرسیار ڕاگیرا. . . !؟! بائەمە لەبیرتانە ببێتە پرسیارو وەلاَم بۆ لێکدانەوە. . مرۆڤ بەهەموو ئەو گۆڕانکاری یە دەرەکی وناوەکیانەی خۆی و سروشتەکشی کە تێپەڕی و پاش ئەوەی بە سەدان پێناسەی داڕشت بۆ بوونی خوا گەیشتە ئەوەی کە ڕاستەوخۆ تەنها خۆی بەو هێزە گەورەی جیهانە پان و بەرینە بزانێت. . . پارسەنگی کفرنەخەنە پالّ ئەم قسەیە چوونکە ئەمە ڕاستی یە ئەوەتە لە بەرچاو بە رجەستەبوونی هێزەماسولکەیەکاندائەمە تەنها من نا تۆش کە ڕەنگە نکۆلّیشی لێبکەیت. . . !ڕەنگە بلّێم زەوی وهەسارەکانی تریش لێک چوونیان هەیە بەلّێ هەموو شتێک لێک چوونی هەیە لەم گەردوونەدا چونکە هەموومان بە شێکین لە یەکتر. . . . بەلّێ سروشتەکەمان فێری کردین کە هە ر هەمووومان دەبینە مێژوو. . . مێژووش زیندوومان دەکاتەوە. . . . . . . !

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.